**حەمە رەشیدخانی بانە**

بەشی ٨ ی ئەم زنجیرە وتارە تەرخان بە کتێبی "جمهوری کوردستان" ئامادەکردنی خوالێخۆشبوو کاک مەحموودی مەلا عیززەت کرابوو.
وا ئەمجار باسی کتێبی "حەمەرەشیدخانی بانە" دەکەم کە کاک کەیوان ئازاد ئەنوەر نووسیویەتی و تێیدا ژیانی حەمەرەشیدخانی لە منداڵییەوە تا کۆچی دوایی باس کردوە. بەشێکی بەرچاو لە کتێبەکە پشت ئەستوورە بە کتێبی جمهوری کوردستانی کاک مەحموود، بەڵام ژمارەیەک بەڵگەنامەشی تێدایە کە لەودا بەرچاو ناکەون.
بە گوێرەی ئەو راستیەی کە حەمەرەشیدخان لە ماوەی تەمەنی کۆماری کوردستاندا بەرپرس و فەرماندەی هێزی ٣٥٠٠ کەسی بۆکان و ناوەندی فەرماندەیەتیشی گوندی سەرا بووە، کتێبەکە دارماڵی باس و بابەتە لەسەر شاری بۆکان و دەوروبەری. بۆ نموونە، حەمەرەشیدخان لە ڕێ و رەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە گوندی یەکشەوە بەشداری کردوە، حەمەدئاغای سەرای لە گوندەکەی دەرکردووە کە ئامادە نەبووە ئاڵای کوردستان لە سەرا هەڵبکات و سەرپەرشتی کاری سوپای ناوچەکە و پارێزگاریی سنووری باشووری کۆماری کردوە دژ بە هێزی سوپای ئێران لە سەقز. بەڵگەنامەی لاپەڕەی ١٤٤ ی کتێبەکە، گەلێک بەنرخە بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کۆمار نەبوونی سەرچاوەی دارایی بۆ ئەو هەموو سوپایەی کۆی کردۆتەوە، بۆ نموونە گوندی ١٠ ماڵی ئاڵتوونی سەروو دەبوایە بژیوی ١٢٠ سوارەی سوپای کۆمار دابین بکات !

کەیوان ئازاد ئەنوەر ، حەمەرەشیدخانی بانە ، وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەریمی کوردستان ، سلێمانی ٢٠٠١ ، ٣٣٠ لاپەڕە .